د. سەعید یەقتین

و: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵا



١

لێرەدا ئێمە لە چەمکێکی جەدەلییانەوە روو لە پرۆسەی خوێندنەوە و ئەزموون دەکەین، ئەو خوێندنەوە و ئەزموونەی بەخشندە "نوسەر- خوێنەر" دەیخاتەوە و شیکردنەوە دانی پێدا دەنێ بە دەلالەت و رەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە بارگاوی دەکات، بەم جۆرەش "دەق" لەسەر ئەو دەلالەت و رەهەندانەوە دەسازێ و لە هەمان کاتیشدا پشتی خۆی پێ دەبەستێ.

کەواتە چ خوێندنەوە چ ئەزموون هەریەک لە دووتوێ و سنووری خۆیدا مومارەسەکردن دەگەیەنن، لە میانی مومارەسەکردنی پێوەندییەکانی هەریەکەشیانەوە بە ئەوی ترەوە بەرهەم لە دایک دەبێت، لە چوارچێوەی پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان دوو بەرهەم و مومارەسەکردنیانەوە بەرهەمێکی تر دێتە ئاراوە، هەروەک لەم شێوەیەی خوارەوە بە دیار دەکەوێت:

ا- خوێندنەوە - مومارەسەکردن.

ئەزموون - مومارەسەکردن.

ب- خوێندنەوەی ئەزموون - بەرهەم.

ئەزموونی خوێندنەوە - بەرهەم.

ج- خوێندنەوەی ئەزموون و ئەزموونی خوێندنەوە --- مومارەسەکردن - بەرهەم.

لە "أ"دا مومارەسەکردن لە بەخشندە "نووسەر- خوێنەر"ەوە دەست پێ دەکات، هەر لەو میانەشەوە کاتێ کە "کارلێکردن" لەگەڵ بەخشندە "نووسەر-خوێنەر" دەگاتە حاڵەتی چەسپاو لەم کاتەدا مومارەسەکردن تەواو دەبێت.

کاتێکیش کە "کارلێکردن" بە شێوەیەکی گشتی بشێ بکەوێتە نێوان خود و بابەت، یان بە هۆی کارلێکردنی نێوان خوێندنەوە و بەخشندە "کارلێکردنێکی کاڵ بێ یان رێکوپێک" پرۆسەی مومارەسەکردن خۆی دەسازێنێ- هەمان شتیش بە گوێرەی ئەزموون.

لێرەدا واتای خوێندنەوە و ئەزموون مۆرکێکی بەرفراوان و گشتی لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەوەی کە لێرە مۆرکی مومارەسەکردنەکە دیاری دەکات خودی پرەنسیپی کارلێکردنە.

لە "ب"دا لە پرەنسیپی "کارلێکردن"ی نێوان خود و بابەتەوە بە هێزەوە بەرەو کردەی "کارلێکردن" هەنگاو دەنێین، یان بە واتایەکی تر هەنگاوەکانمان لە "کارلێکردن"ەوە بەرەو "کردە" و لە مومارەسەکردنەوە بەرەو بەرهەم بەرهەم خۆیان دەگوازنەوە... لە خوێندنەوەی ئەزموون و ئەزموونی خوێندنەوەدا، خودی مومارەسەکردنی مومارەسە بۆ خۆی دەبێتە بەرهەم هەر لەو میانەشەوە بەرهەمی کردە دێتە ئاراوە.

له "ج"دا له پێکەوەلکانی هەردوو بەرهەمەکەدا بەرهەمێکی تری نوێ له دایک دەبێ و بە دوو پرۆسەی "ا-ب"دا تێ دەپەڕێ و لە مومارەسەکردنەوە بەرەو بەرهەم و لە کارلێکردنەوە بەرەو کردە و کردەی کردە، یان بەرهەمی بەرهەم خۆی دەگوازێتەوە، هەر لە دووتوێی ئەم و لەوێشەوە لە وەدەست خستنی پێوەستبوونی هەردوو بەرهەمەکە لە حاڵەتی "لێک دوورکەوتنەوە"دا بەرهەمێکی نوێ دێتە ئاراوە یان لە نێوان ئەو دوو مومارەسەکردنە بەرهەمهێنەدا پێکهاتەیەکی باڵا لە دایک دەبێ ئەویش بەرهەمی بەرهەمە. هەروەک لەو شێوەیەی خوارەوە دەبینرێ:-

ا- کارلێکردن- مومارەسەکرن.

ب- کردە- بەرهەم.

ج- کردەی کردە - بەرهەمی بەرهەم.

٢

با سپێتی ئەو هێڵکارییە پڕ بکەینەوە و لەو چوارچێوەیەی کە ئێمە لە ئەستۆی خۆمان گرتووە گۆشت و خوێنی بۆ دابین بکەین، با وا دابنێین کە ئەزموون مومارەسەکردن دەگەیەنێت و لە دووتوێی کارلێکردنی خود"نووسەر" و بابەت "مادەی نووسین"ەوە هەڵدەقوڵێ و بە بێ ئەو کارلێکردنەش ناتوانین دەستنیشانی پرۆسەی بەرهەمهێنان بکەین کە دەکەوێتە قۆناغی دوای قۆناغی کارلێکردن.

کەواتە خود "نووسەر" لە نێو ئەزموون‌دا دەژی و ئەو ئەزموونەش ئەزموونی کارلێکردنە لەگەڵ بابەت "مادەی نوسین"، لێرەدا مەبەستمان لە مادەی نووسین ئەو تۆڕە ئاڵۆزەی ئاماژەکانە کە لە کۆمەڵێک هەڵچوون و هەستی جۆراوجۆر و تێکەڵ بەیەک و ئەزموونە کەڵەکەکراوەکانی خودی ژیانی نووسەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی کتێب و دیتن و بیستن و خەیاڵکردن و بیرکردنەوە هەڵدەقوڵێ. بەڵام پرۆسەی ئەزموون سروشتی مومارەسەکردن لە ئەستۆی خۆی دەگرێ، کاتێ کە کارلێکردنی خود و بابەتیش دەگاتە حاڵەتی گەیین و پێشکەوتن بە ئاراستەی دیاریکراو دەشێ بە "بابەتی ئەزموون" ناوی بەرین. مەبەستمان لە "بابەتی ئەزموون" ئەو ئاستە جیایە کە دەکەوێتە نێوان ترۆپکی کارلێکردن و سەرەتای دروستبوونی کردە یان لە گواستنەوەی رادەی پێوەستبوونی نێوان مومارەسەکردن و بەرهەمەوە دێتە ئاراوە-لەسەر ئەساسی گەشەکردن "بابەتی ئەزموون" ئەزموون مۆرکی خۆگواستنەوە لە "کارلێکردن"ەوە بۆ سەرەتای بەرهەم "کردە" لەخۆ دەگرێت، واتە بابەتی ئەزموون بەم جۆرە لای نووسەر "خود" بۆ خوێندنەوە پەسەند دەکرێ

و خـودی ئەو پەسـەندێتـیـیـەش وا لە نـووسـەر دەکـات دەست بکات بە راگـیـرکـردن و ڕێکوپێکخستنی مادەی نووسین و خوێندنەوەی "دەستکردن بە نووسین".

لەم کاتەدا پرۆسـەی بەرهەمـهێنانی "کردە" ئەزمـوون "مومـارەسـەکردن"ی پێ دەگەیەنێت و مۆرکی نووسـینی "بەرهەمی گـوتار"ی پێ دەبەخشێ، لە خـودی ئەو قۆناغـەشـدا پرۆسـەی کـارلێکردن بـەردەوام کـاری خـۆی دابـین دەکات و هـەندێ جـار بە ڕێچکەی جـیـادا گـوزەر دەکات، واتە لەسەر هەمان سەرەتای گەشەکردنی بابەتی ئەزموون نامێنێتەوە، بەڵام لێرەدا کـارلێکردن مـۆرکی کـردە لە خـۆ دەگـرێ، چونکە بە یەکـداچوون-لێـرە- دەکـەوێـتـە نێـوان ئەزمـوون و خـوێندنەوە تا بەرهەمـەکە دەکەوێتـە سـەر پێی و لە کـۆتاییی مـۆرکـی "گـوتاری ئەدەبی" لە خۆ دەگرێت و خوێندنەوەش دەبێتە جێگەی شیان.

٣

لە پێشەوە قسـەمان لە ئەزموون کرد لە میانی پێوەندییـەکانی بە خوێندنەوە و لە دووتوێی بەرهەمی گوتاری ئەدەبیدا، لێرەشـەوە لە دووتوێی بـەرهـەمی گوتاری ڕەخنەییـیـەوە باس لە خوێندنەوە دەکەین و پێوەندییەکانی بە ئەزموونەوە دەخەینە ڕوو.

لە سـەرەتادا تەئکید لەوە دەکەینەوە کە پێوندییـەکانی نێوان خوێندنەوە و ئەزمـوون لای هـەریـەک لە نووسـەر و ڕەخنەگـر پێـوەنـدییـەکی ئاڵـوگـۆڕییـە، کـە هـەریەک لەوان پێکەوە مـومـارەسـەی دەکـەن، بەڵام جـیـاوازیی نێوان گوتاری ئەدەبی و گوتاری ڕەخـنـەیی خـۆی لە پرۆسـەی ئەزمـوونـەوە والا دەکـات، هەروەک لە پێـشـەوە ڕوونمـان کـردەوە کـە ئەزمـوون لە گوتاری ئەدەبیدا شـوێنی سـەرەکی بۆ خـۆی داگیـر دەکات، خـوێندنەوەش هـەروەک لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە لە گوتاری ڕەخنەییدا پایەی یەکەم بۆ خۆی دەبات.

خوێندنەوە وەک مومـارەسـەکردن لە دووتوێی کارلێکردنی خـود "ڕەخنەگر" و بابەت"مادەی خـوێندنەوە" تەواو دەبێت، مـەبەسـتـیشـمـان لـە مـادەی خوێندنەوە زۆر بە سـادەیی "گـوتاری ئەدەبی"یە بەو پێودانگەش دەکەوێتـە دووتوێی خوێـندنەوەی ئەزموون و بەرهـەمی خـوێندنەوە لەخـۆ دەگـرێت. پرۆسـەی خـوێـندنەوە لای ڕەخنەگـر هـەروەک مـومـارەسـەکـردن لە مـیـانی کارلێکردن لەگەڵ گوتاری ئەدەبیدا دێتە ئاراوە، واتە لە میانی کـارلێکردن لەگەڵ خوێندنەوە و کارلێکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی و دەسـتبردن بۆ ڕەگـەزە متبووە سـەرەکییـەکان لە "بابەتی ئەزموون"ەوە هـەڵدەقـوڵێ، هـەموو ئەوانەش لەو ڕێگەیانەوە کـە نووسـەر بۆ خـوێـندنەوە هـەڵیان دبژێرێ.

کاتێک کە مـومارەسـەکردنی خـوێندنەوە کامڵ دەبێت و ڕەگـەزەکانی بابەتی ئـەزموون لای

رەخنەگر بە دیار دەکەوێت، لەو کاتەدا دەکرێ لە کارتێکردنەوە بەرەو کردە هەنگاو بنێین، ئەو هەنگاوانەش بە هۆی بەجێهێنانی ئەوەی کە دەشێ پێی بگوترێ "بابەتی خوێندنەوە"- کە خوێندنەوە لەم نێوانەدا بەهۆی بەرفراوانی ئەزموونی رەخنەگر و رێگەکانی دەرککردن و تواناکانی گەیشتنە ئەنجامی"بابەتی ئەزموون" لە گوتاری ئەدەبیدا کورت دەکەینەوە.

**بەردەوامبوون بە شێوەیەکی گشتی لە بەدۆگمابوونی بارە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکەوە لە دایک دەبێت**

بەم جۆرەش بەرەو بەرهەمی گوتاری رەخنەیی دەچین، بە مانایەکی تر گواستنەوە لە پرۆسەی خوێندنەوە وەک مومارەسەکردن "کارلێکردن" بۆ خوێندنەوەی ئەزموون "کردە" لە دووتوێی گوتارێکی تردا خۆی تەواو دەکات.

دەکرێ خوێندنەوە لە نوێوە درێژبێتەوە و هەروەک مومارەسەکردنی گوتاری رەخنەیی خۆی بنوێنێ، یان هەروەک مامەڵەکردن گوتاری رەخنەیی لەگەڵ گوتاری ئەدەبیدا هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکرێت، بەم جۆرەش بەرهەمێکی تر لە دایک دەبێ کە ئەویش گوتاری رەخنەی نوێیە، یان "رەخنەی رەخنە".

**لە قۆناغی بەردەوامبووندا خوێندنەوەی ئەزموون لای نووسەر ئاسانە**

لێرەدا دەتوانین لە کارلێکردنەوە بەرەو کردە و کردەی کردە و رێچکەیەکی درێژ و بێ بڕانەوە لە پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان خوێندنەوە و ئەزموون تۆمار بکەین و لە چوارچێوەی کردەی هەر یەکێکش لەوان لە بەرهەمهێنانی گوتارەکانەوە درێژە بە رەوتەکە بدەین.

**لە قۆناغەکانی بەدەوامبووندا ''پێکگەیشتن''ی نووسەر و خوێنەر وەستاو و جێگیرە**

لەم رێچکە درێژ و بێ بڕانەوەیە و لە دووتوێی پێوەندییەکانی خود "نوسەر-رەخنەگر" و بابەت "مادەی نووسین - مادەی خوێندنەوە" دوو ئاراستە دیاری دەکەین:-

- بەردەوامبوون: دووبارە بەرهەمهێنانەوە.
- دابڕان: بەرهەمی نوێ.

بەردەوامبوون بە شێوەیەکی گشتی لە بەدۆگمابوونی بارە

کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکەوە لە دایک دەبێت، یاخۆ کاتێ بەهاکانی کۆمەڵایەتی دەچێتە شێوەیەکی جێگیر و وەستاو، پشت بە هۆکان و پێداویستییەکانی مومارەسەکردنی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەهاکان دەبەستێ، تا ئەو کاتە دۆگمابوون خۆی دەسەپێنێ.

بەڵام دابڕان لەو قۆناغانەوە سەرهەڵدەدات کە بنیاتی کۆمەڵایەتی بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری"ناوەکی-دەرەکی" دووچاری کۆمەڵێک راتەکاندنی بێ ژمار و گشتی دەبێ، لەم کاتەدا کۆمەڵێک پرسیاری نوێ رووبەڕووی وەڵامە ئامادەباشەکانی کۆمەڵگە دەبێتەوە کە پێشتر رەوا نەبوو پرسیاریان ئاراستە بکرێت.

لە قۆناغی بەردەوامبووندا خوێندنەوەی ئەزموون لای نووسەر ئاسانە، بۆیە بەرهەمیش لە دووتوێی ئەزموونی ژیانی نووسەرەوە بە هەمان شێوە ئاسان دەکەوێتەوە، ئەزموونی خوێندنەوەش لای رەخنەگر هەمان جۆر دەنوێنێ.

ئەزموون لای نووسەر خوێندنەوە لای رەخنەگر، بارمتەی ئەو شتانەن کە پێشتر لە دووتوێی بەخشندەیەکی جێگیر و چەسپاو ئیشارەتمان بۆ کرد:

ا- رێگەکانی تەعبیرکردن ـــ رێکوپێکخستنی مادەی نووسین ـــ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەوەی پێشوو.

ب- وێناکردنی رەخنەیی ـــ ئامرازەکانی شیکردنەوەـــ جێگیربوون و دووبارەکردنەوە.

لە قۆناغەکانی بەدەوامبووندا "پێکگەیشتن"ی نووسەر و خوێنەر وەستاو و جێگیرە، چونکە ئەو دەقەی کە پشتی پێ دەبەسترێ بۆ هەردووکیان هەریەک دەقە، هەتا ئەگەر پێکهاتەکانیشی لای نووسەر جۆراوجۆر بێت، بەم جۆرە ناشێ کارلێکردن لەگەڵ دەقی پشت پێ بەستراو کارلێکردنێکی ئیجابی"پۆزەتیڤ"بێت، بۆیەش توانای دەربازبوون، لە شتە دیاریکراوەکان تۆزێ قورس دەکەوێتەوە، هەموو ئەوانەش وەک هۆ لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە لە دووتوێی سنووری ئەزموون و دەقە پشت پێ بەستراوەکان پەنجەی بۆ رادەکێشرێ، هەروەها هەمان شتیش لەلای خوێنەر دەبینرێت، واتە لەم حاڵەتەدا خوێنەر ناتوانێ بە پرسیار و ئاگایی رەخنەییەوە لە چوارچێوەی دەقی پشت پێ بەستراوەوە خۆی رزگار بکات.

بەم جۆرەش هەردووکیان "نووسەر-خوێنەر" لەسەر ئاستی گوتاری جێگیر و چەسپاوەوە دەکەونە دووتوێی پەیمانی گێڕانەوە.

بەڵام لە قۆناغی دابڕاندا، ئێمە خوێندنەوەی ئەزموون دەبینین، کە هەروەک بەرهەم لای نووسەر حەقیقەتی دەسەڵاتەکانی داپۆشیوە، بەم جۆرەش ئەزموون ئاڵۆز و دەوڵەمەندتر

خۆی نیشان دەدات و لە خوێندنەوەیەکی تایبەت بە نووسەرەوە بۆ "بابەتی ئەزموون" دەچێت. هەمان شێوەش بۆ ئەزمونی خوێندنەوە کە قوولتر و رێکتر و پڕ دەربچەتر خۆی دەنوێنێ، کەواتە خوێندنەوە لە ئاستێکی سەرەتاییانەوە بەرەو ئەزموونی تاکێتی "فردی" هەنگاو دەنێ. بەهۆی وردی میکانیزمەکان و روونی چەمکەکانەوە دەچێتە ناخی "بابەتی ئەزموون" و لەوێشەوە بابەتی"خوێندنەوە"ی تایبەت دروست دەبێت کە دەشێ لە دوو توێدا بەرهەمێکی نوێ بدۆزینەوە ئەویش "رەخنەی رەخنە"یە.

نووسەر لێرەدا لەگەڵ دەقی پشت پێ بەستراو بە هەموو لقەکانییەوە "کارلێکردن"ێکی ئیجابییانە دەسازێنێ، هەر لە میانی ئەزموونەکانی بەرهەمهێنانەوەش خۆی لە دۆگمای گێڕانەوەی باو و پێداگرتنەکانی پێشوو لادەدات، بەم جۆرە ئەو پەیمانەی گێڕانەوە کە نووسەر بە هۆی دەقی پشت پێ نەبەستراو و جێگیرەوە وەدەستی هێنابوو دەیشکێنێ.

بۆیە لێرەدا "پێکگەیشتن"ی نووسەر و خوێنەر "وەدوادەخرێ"، ئەویش بەهۆی ئاڵۆزی ئەزموون و خوێندنەوە لای نووسەر و رەخنەگر و ئەو دەقە داخراوەی کە خوێنەر و رەخنەگر پشتی پێ دەبەستن و تا ئێستاش هەمان بەهاکانی قۆناغی بەردەوامبوونیان هەڵگرتووە، ئەوەی کە دەکەوێتە بەرایی دابڕان بەرەو "بەرهەم" و پاشان بەرەو"لادان" لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باو دەچێت.

"بە یەکگەیشتنی دواخراو" ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، تا لەو میانەدا ئەزموون بە هۆی بەشداربوونی زۆربەی نووسەران بەرەو پێشەوە دەچێ و خوێندنەوەش بە هۆی باڵابوونی بۆ ئاستە بەرزەکان، پێشکەوتن و رەنگاوڕەنگی بە خۆیەوە دەبینێ و ئاستە بەرزەکانی خوێندنەوەش ئامادەیی خۆیان بۆ "کارلێکردن" لەگەڵ ئەزموونی نوێدا دەسازێنن، خوێندنەوەی نوێش هەر تەنیا بە "هەڵچوون"ە سلبی و ئیجابییەکانەوە دروست نابێت.

**دەرئەنجام**

- خوێندنەوە و ئەزموون دوو پرۆسەی تەواون و چ بەو شێوەیە یان بە شێوەیەکی تر خۆیان لە بەرهەمی گوتاردا پراکتیزە دەکەن.
- ئەزموون لەگەڵ گوتاری ئەدەبیدا رەگەزی سەرەکییە و خوێندنەوەش بەرهەم دیاری دەکات، هەروەک لە گوتاری رەخنەییشدا خوێندنەوە رەگەزی سەرەکییە، بەڵام ئەزموون بەرهەمهێنان دیاری دەکات.
- گوتاری ئەدەبی لە میانی خوێندنەوەدا، ئەزموون دەخاتە روو، گوتاری رەخنەیی

دووەمـیش "رەخنەی رەخنە" خـوێندنەوە دەخـاتە روو، لەسـەر ئـەزمـوون و خـوێندنەوەی ئەزموون دای دەمەزرێنێ، ئەزموونی خوێندنەوەش هەر بە هەمان شێوە.

١- گوتاری ئەدەبی.

- ئەزموون ـــــ بابەتی ئەزموون ـــــ خوێندنەوە ـــــ خوێندنەوەی ئەزموون.

٢- گوتاری رەخنەیی.

خوێندنەوە ـــــ بابەتی خوێندنەوە ـــــ ئەزموون ـــــ ئەزموونی خوێندنەوە.

٣- گوتاری رەخنەی دووەم.

خوێندنەوە ـــــ بابەتی خوێندنەوە ـــــ ئەزموون.

خوێندنەوەی ئەزموون و ئەزموونی خوێندنەوە.

٤

لەسەر رۆشنایی و وێناکردنەکانی سەرەوە کاتێ لە ئاستی ئەدەبی و رەخنەی گشتییەوە بەرەو ئاستی رۆمان و رەخنەی رۆمان هەنگاو دەنێین، خود و بابەت بە یەکەوە دەلکێنین و بە شێوەیەکی گشتی لەسـەر هەمـان پێکەوەلکانیش بە رێچکەی پێوەندییەکانی نێوان خـوێندنەوە و ئەزمـووندا دەچینەوە و هەر لە سـەرەتاوەش وەک پێـویست دەبێ بە کورتکردنەوەی پێوەندی رەگەزەکان هەڵبسین و لە :

١- گوتاری رۆمان - ئەزموون

٢- گوتاری رەخنە- خوێندنەوە

وەک لە پێشـەوە ئاشکرامان کرد ئێمە هەریەک لە ئەزموون و خوێندنەوە بە کۆمـەڵێ دەلالەت و رەهەند بارگـاوی دەکـەین، ناکرێ ئـەزمـوونی رۆمـانیش بەبێ خـوێندنەوە بۆ ئەزموونێک بگوازینەوە کە شیاوی خوێندنەوە بێت "بەرهەمێک" لەمیانی نووسینەوە لای نووسەر.

هەروەک خوێندنەوەی رەخنەش لە دەرەوەی ئەزموونی رەخنەگر و پێوەندیی ئەو ئەزموونە بە ئەزموونی رۆمانەوە نایەتە بەرهەم، چونکە هەر لەو میانەوە بەرەو خوێندنەوەی "بەرهەم" هەنگاوی خۆی دەنێ و خودی ئەو هەنگاونانەش بێگومان دەبێ بکەوێتە دووتوێی نووسین، ئەو نووسینەی کە رەخنەگر لە کاتی بەرهەمهێنانی خوێندنەوە لای دروست دەبێت، دەشێ هەمان قسە لە بارەی گوتاری رەخنەی دووەم "رەخنەی رەخنە"بکەین.

کاتێ هەوڵ دەدەین لە بنیاتی ئەو پرۆسەیە کە لە نێوان خوێندنەوە و ئەزمووندا تەواو دەبێ بەرەو ئاستێکی تر کە خۆی لە بزاڤەکانەوە دەبینێ، هەنگاو بنێین، دەکرێ ئەو شتانە

بڵێین کە دەربارەی بەردەوامبوون و دابڕانەوە "دووبارە بەرهەمهێنانەوە – بەرهەمی نوێ" قسەمان لەسەر کرد.

ئەزموونەکانی ڕۆمان لە زەمەنێکدا دووبارە بوونەتەوە، هەروەک خوێندنەوەش کەوتووەتە هەمان خۆ دووبارەکردنەوە، لەم حاڵەتەشدا گرینگترین سیماکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوە خۆی لە : لاساییکردنەوەی نموونەی ڕۆمانێکدا دەدۆزێتەوە، کە بە یەک ڕێگە چەندین جار خۆی کاوێژ کردووە.

کەچی لە کاتی تردا ئەزموونەکانی ڕۆمان بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نواندووە و ئەو نموونەیەی شکاندووە و خۆی لێ دەرباز کردووە، هەروەک چۆن خوێندنەوەش هەوڵی داوە ئامرازە کۆنە "ژەنگاوییەکان" تێک بشکێنێ و ئامرازەکان بە ئامرازی نوێ بگۆڕێتەوە و بە دەلالەتی تر بارگاوییان بکات، بەم جۆرەش لەسەر ئاستی خوێندنەوە و ئەزموون هەم لە بەرهەم و هەم لە بەرهەمهێنانەوە تێ دەپەڕێنێ و بەمەش ململانێ دەکەوێتە نێوان بەها جۆربەجۆرەکانەوە، تا دواجار دەگاتە ئەوەی کە یەکێکیان باڵ بەسەر ئەوانی تر دەگرێ و هەموو ئەوانی ترش لەم نێوانەدا یان ون دەبن یان هەوڵ دەدەن لە میانی بەرەو پێشبردنی ئامرازەکانی خۆیان و گۆڕینیان جارێکی تر بێنە پێشەوە، خودی ئەو ماوەیەی کە ئەوانی تێدا دەژین دەشێ لە هەموو ڕوویەکەوە نموونەی دژە تێپەڕاندن لە خۆ بگرن"ئەوان مەبەست کۆنترۆڵکەرەکانە"، بەم جۆرە کۆمەڵێ هەوڵ پارێزگاری لە شتە وەستاوەکان دەکەن و بەرامبەر ئەوانیش هەوڵدانێکی تر بۆ دەربازبوون تەکان وەبەر خۆیان دەدەن.

ئێمە بە پێی کارەکانمان ناو لە خودی ئەو دەرفەتە دەنێین گوتاری ڕۆمان، ئەو گوتارە دەکەوێتە دووتوێی مومارەسەکردنی گوتاری نوێی ڕۆمان، هەروەها شان بەشانی ئەویش ئەو گوتارە ڕەخنەییەی کە بەرەو تێپەڕاندن و دامەزراندن هەنگاو دەنێ ناوی دەنێین گوتاری ڕەخنەی نوێ:–

– ئەزموونی نوێ.

– خوێندنەوەی نوێ.

بەپێی ئەو وێناکردنە، ئەزموون ئەگەر بە ڕاستی نوێ نەبێ ناکرێ بخرێتە ئەو خانەیەوە، هەروەها خوێندنەوەش، هەردووکیشیان پێکەوە لە دوای بەرهەمهێنان دەیانخەینە ئەستۆی خۆمان و لە هەموو بارەکانەوە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باو جیایان دەکەینەوە، بەم پێودانگە ئەو دەلالەتە بەرهەمهێنەی کە بە مۆرکی جیاوازەوە دەخرێتەوە سەر هەردوو لایەنەوە، وای لە زۆربە کرد کە ئەو ئەزموونە نوێیەی "ڕۆمان" بۆ نموونە بە "ئەزموونگەری"

ناوبەرن، ئەگەرچی ئەم سیفەتە یان ئەو ناونانە هەندێ جار لە دزێوی خاڵی نییە، بەڵام گرینگترین شتێ کە پەنجەی بۆ دەکێشرێ جیاوازی ئەو ئەزموونەیە لە ئەزموونەکانی تر "رۆمان" و هەوڵدانە بۆ بەجێهێشتنیان، خۆ ئەگەر ئەو ناونانە "سیفەتە" لە لایەک ئاماژەی تایبەتمەندییەتی لە خۆ بگرێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە دەستکورتی و سنووردارکردن راگیرکردنی پێکهاتەکان لە خۆ دەگرێت بەم جۆرە ئەو ئەزموونە ئامرازی نوێ تاقی دەکاتەوە و دەیخاتە دووتوێی خۆی.

هەر خودی ئەو دەلالەتانە وا لە زۆربە دەکەن کە خوێندنەوەی نوێ بە "فۆرمالیستی" ناوبنێن، چونکە جگە لە پشتگوێخستنی ناوەڕۆک کە خودی ئەزموون هەڵی گرتووە هیچ لایەنێکی تر لەبەرچاو ناگرن و هەموو تواناکانی تری بەرهەم دەخەنە دواوە، ئەو توانایانەی کە لە ناخی شتە قووڵەکان و بنیاتیان دەدۆزرێتەوە کاری ئەدەبی دەیخاتە ئەستۆی خۆی ئەزموون لێرەیە، هەروەک لێرەیە "ئەزموونی نوێ" و هەروەها فۆرمالیستی و "خوێندنەوەی نوێ" کە ناخی ئەزموون دەسمێ، بەم جۆرەش هەرچەند بمانەوێ بە توێژینەوە و ئاگاییەوە بە دوای رووە جیاوازەکاندا بچین، دەتوانین کردە و هەڵچوون - بەردەوامبوون و دابڕان- بەرهەم و دووبارە بەرهەمهێنانەوە لەیەک جیا بکەینەوە، هەروەها خودی ئەو لێک جیاکردنەوەش شێوەیەکی قووڵتر لە خۆ دەگرێت کاتێ کە رەخنەکە ئاراستەی خودی خۆمان بێت، یان رەخنە لە دەقی پشت پێ بەستراوی خۆمان و رەخنە بێ لەو پێوەندییانەی کە ئێمە لەگەڵ بابەتدا دروستی دەکەین، ئینجا دواجار رەخنەی بابەت، سەرەتای پرسیارەکانی لێوە دەست پێ دەکات.

ژێدەر:

١- ئەم نووسینە لە کتێبی "القراة والتجربة" کە لێکۆڵینەوەیە دەربارەی رۆمانی نوێی مەغریبی رەخنەگر "د. سەعید یەقتین"نووسیویەتی و لە "دار الثقافة"ی مەغریبی چاپ کراوە وەرگیراوە بڕوانە ل١٣-ل ٢٥ چاپی یەکەم ١٩٨٥.

٢- لە هەندێ شوێندا کەمێک دەسکاری کراوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی نەشێواوە.

* ئەو وتارە لە کتێبی:
"نووسین و سێکسگەرایی" وەرگیراوە کە "کۆمەڵێک وتار و گفتوگۆی ئەدەبی و فیکرییە" لەلایەن وەرگێڕەوە هەڵی بژاردووە ... ئێستا لە دەزگای وەرگێڕان/هەولێر لە ژێر چاپدایە..